www.gep-media.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە

ئەوڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو

**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**
**محەممەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
**سەردار کێستەیی**
serdar_kesteyi@yahoo.com

**دەستەی نووسەران**
**ڕێبوار ئیدریس**

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**
عەلی مەندەلاوی — عەلی دەرویش
خضیرالحمیری — ئەحمەدی خۆشنووس
سۆران کوردپوور — سەردار کێستەیی
ئارام کەلاری — سالم سەلیم
ئەحمەد مەندەلاوی — د. نامۆ
ئاراس باڵەتەیی — فارس تەمۆ

**نووسەرانی بەشداربوو**
ڕەئوف حەسەن — نەجات حەمید
کەژاڵ ئیسماعیل — کەریم مودەریس
ماجید نووری — حسن العاني
ئەحە نۆکە — سالار حەسەن
عەطا قاجری — شوان غەمبار
بەختیار حەسەن — مامۆستا رفعەت

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی- هەولێر

101
ژمارە
ساڵی پێنجەم ٢٠٠٩/٦/٢٥
بە کاتی پاڵپاڵێنی لیستەکان



## خەبەر عاجیل

لە خەبەرێکی گەرمو گوڕو تازەو جدیدا سەرچاوەیەکی جێی سیقە پێی ڕاگەیاندین حوکمەت بە تەمایە مووچە بۆ (شێتەکانی کوردستان) ببڕێتەوە! هەرچەند گەپ بەم هەنگاوە زۆر خۆشحاڵە بەڵام ئەگەر لێمان قبوڵ بفەرموون کەتنی وەها نەنێنەوە! چونکە ئەسبابەکانیمان لە پاشماوەی خەبەر عاجیل بڵاوکردۆتەوە!



## گوڵبژێر



بزانم چۆنی ئەگریتەوە ؟ 5



ئەم پێرە تەماحیان بۆچی گرتۆتەوە ؟ 20



خوا بکەم تا سەر وا بێت! 22

**بەڕێوەبەری هونەری**
**رزگار فەقێ عەوڵا**
rzgarfaqe@yahoo.com

**دیزاین**
**ئارام کەماڵ دەلۆ**
0750 432 33 52

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**
ڕێباز نەجات

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

**تایپ و کۆمپیوتەر**
دلاوەر جەمیل
ئالان نەوزاد

هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کڕینی گەپ بکات، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات
٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥


تیراژ: ٤٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت

عەلی مەندەلاوی



Ali Mandalawe



عەلی مەندەلاوی

مانگانە تایبەت بۆ گەپ دەبێژێ

# کورد و هەڵبژاردن



# بوخچه هەواڵ

دووکان: له کەش و هەوایەکی گەشتیاریدا له کەپرەکانی قەشقۆڵی و لەکێبڕکێیەکی خەست و ئاڵۆزاوی پڕ موشاحەناتدا ساحێبی بەلەمەکان لەسەر گواستنەوەی زۆرترین گەشتیار، دەیکەن به شەڕە چەقۆیەک مەگەر نەخۆشخانه بزانێ چەند نووکه چەقۆیان پێوەبوو!!

پیرەمەگرون: له گفتوگۆیەکی مەدەنی و دیموکراسیانەدا لەنێوان سێ گەنج له بەرامبەر گەنجێکی دیکەدا موناقەشه گەرم دەبێ و بەناچارای واز له کۆمەڵگەی مەدەنی دێنن و پاش لێدان و حەسیرمەیانێکی باش سەری ئەو گەنجه پاک پاک دەتاشن!!

سلێمانی: لەبەردەم باخی گشتیدا دووکەسی نەناسراو هەڵیانکوتایه سەر سەرنووسەری گۆڤاری (کلیل) زۆری ئەکوتن و هەوڵی فڕاندنی دەدەن، ئیتر تا ئێستا، تومەز وایانزانیوه کلیلی قاسەیە!

دارەتوو: مامۆستایەکی بنەڕەتی له دارەتوو لەکاتی توڕەبووندا پێڵاوەکانی بەرز دەکاتەوە و به قوتابیەکان دەڵێت: پێڵاو ئەخەمە دەمتانەوە!! ئیحتیماله ٦ مانگیش بۆیاخی نەکردبێ!!

کەرکوک: موشرفێک له پەروەردەی کەرکووک پرسیاری تاقیکردنەوەکانی لەبیردەچێ! ناچار گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو دوای سەعاتێک بەڕاکردن و هەناسه بڕکێ پرسیارەکانی هێنایەوە! ڕەنگه لەڕێگادا لەفەیەک فەلافلیشی خواردبێ!

پردێ: بەمامۆستایەکی وانەی هونەریان گوتبوو: وێنەیەکی شێخ مەحموودی حەفید دروست بکه، گوتبووی: شێخ مەحموود کێیە؟ که پێیان گوتبوو: سەرکردەیەکی مێژوویی گەلی کوردبووە، گوتبوویی: ناهەقم مەگرن من لەکەرکوک ژیاوم نایناسم!!

ئەزمەی ئابووری و دارایی له ئەمریکا





## سەروتار

**شێوازی ڕیکلامی لیستەکان بۆ هەڵبژاردن لە کوردستان**



## بە مەزەندە



• بە مەزەندەی سەربەسەرچیەکان و بە ئەقڵی ئەوانەی خەبیرن لە گۆڕینەوەدا،دوای ئەوەی وەزیرە بازرگانیە بەلووشەکەی مالکی کەشف بوو، کەوتنە شەڕفرۆشتن بە وەزیرەکانی غەیرە خۆیان ، چاوەڕوان دەکرێ ئەم سەربەسەرو گۆڕینەوەیە ببێتە مادەیەک و بەدەستوور هی یەکتری بگرن.

• بەمەزەندەی شەهادە درووستکەرەکان و شارەزایانی تەدریسی تەزویر، دوای ئەوەی لە عێراقدا(١٢) کۆلیژی ئەهلی ساختەو هەزاران دکتۆرای ئێسکپایەر کەشف بوون، پێشبینی دەکرێ ماوەیەکی دی ئەوەی تەزویر نەبێ تەعین نەکرێ!

• بەمەزەندەی دۆڕاوە هیچ پێ نەماوەکان و بەبۆچوونی تەمبەڵە هیچ پێ نەکراوەکان ،دوای ئەوەی بەگەورەترین هەڵمەتی قیرتاو کردن گوترا دیعایەی ئینتخابی، پێشبینی دەکرێ خۆیان تۆزی هەڵبژاردن لەناو جادەی قوڕا بگێڕن.

• بەمەزەندەی زاناکانی بەکەلۆریاو ئاسانخوازەکانی پرسیارە قورسەکان، دوای ئەوەی ئەم ساڵیش باری لۆری بەکەلۆریا قورستر بوو، پێشبینی دەکرێ مەتبەخ و چایخانەکان لەپار زیاتر خریجی شەش وەربگرن.



سالار حەسەن




# لە کوردەکانی شاری موسڵەوە
## بۆ/ لیستی حەدبا

دیسان لەشاری موسڵی کۆنەوە
لەنێو ئەعجابی ئەمازۆنەوە
لەداخ و دەردی بێ ئامانەوە
لەناخی دڵی کوردەکانەوە
نامە ئەنووسین، قاسیدی شەماڵ
بیباتە بەردەست عێلەکەی گەماڵ
مزرو مێخۆش بێ وەک شلەی قەیسی
بۆ لیستی (حەدبا)ی پاشماوەی بەعسی
تیایدا ئەنووسین ئێوە کەززابن
گۆمی خیانەت، حەوزی تێزابن
زاری قسەتان وەک تەڵەی مشکە
دەستی تەوقەتان چزوی دووپشکە
هاورێیەتیتان پیس و قخخەیە
دەست و دیاریتان موفەخخەیە
لە بوغزی خۆتان وەختە بئاوسێن
موخابەراتی دەرو دراوسێن
دیموکراسییەت و دەنگی ڕیفراندۆم
لای ئێوە فت بوو وەک هینی بن گۆم
بە تەزویرات و حیلەو فڕو فێڵ
بەنێرەکەری بوونە سەرۆک خێڵ
ئێستا لە موسڵ ئێوە کەڵەگان
زەخت و سوککەری و دەردی پارێزگان
هەموو پۆستەکان هەربۆخۆتانە
دەڵێی مارەییی داپیرەتانە
هیچ پۆستێک بەکورد ڕەوا نابینن
بەقسەی خۆیشتان پیاوچاکی دینن
باقی وەسەلام بەس حاڵی حازر
ناوێرن بچنە بەعشیقەو غازر
لە دەورو بەری ناوچەی بەرتەلە
سەرگەورەکەتان ڕایکرد بەپەلە
ئومێدەوارم ئەوە بەشتان بێ

کاریکاتێر: سەردەم

